

چاوەکانی ئەو
ئالان محەممەد

# چاوەکانی ئەو

**ئالان محەمەد**

**لە کاتێکدا کە لەسەر کورسییە خڕە بچووکەکە دانیشتبوو و چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ماری قاوەکەی بۆ بهێنێت، ئەوا جۆن سەری نزم کردەوە و دەستی ڕاستی خستە ژێر چەناگەی، دواتر لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە لە دەرەوەی ڕووانی و کەوتە داوی خەیاڵاتەوە. بە هۆی کەشی بەفراوی و سەرمای زۆرەوە، ئەوا بەشی زۆری پەنجەرە گەورەکە وەکو تەمێکی لێ هاتبوو، بە ئەستەم دەیتوانی ببینێت کە لە دەرەوە کێی لێیە، یاخود کێ بەوێدا دەڕوات. تاکە شتێک کە دەیبینی، ئەوا بریتی بوو لە سێبەری جووڵاوی ئەوانەی کە بە لای چێشتخانەکەدا دەهاتن، ئەو سێبەرانەی کە وەکو تارمایی دەهاتنە پێش چاوی، ئەو تارماییە تاریکانەی کە ڕێگایان ون کردبوو و نەیاندەزانی بەرەو کوێ دەڕۆن.**

**"کە زیندووین، ئەوا ڕێگامان ونە، کە دەشبین بە تارمایی... ئەوا ڕێگامان هەر ونە. کەوایە جیاوازی نێوان ژیان و مەرگ چییە؟ ئایا هەردووکیان دوو ڕووی هەمان دراو نین؟."**

**جۆن بەردەوام بوو لەسەر ئەم خەیاڵاتانەی تاکو لە کۆتاییدا ماری وای لێکرد بێتەوە جیهانی واقیع. قاوەکەی بۆ هێنا و پەرداخێکی بۆ خستە پێشەوە، قاوە گەرم و ڕەشەکەی بۆ تێکرد و دواتر بە دوو لێوی پڕ لە زەردەخەنەوە گوتی: ئەمەش قاوەکەت، گەرم و تاڵ، وەکو خۆت.**

**جۆن کە ئەمەی بیست، ئەوا زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی: ناکرێت هەمووان شیرین بن، ئەوە بۆ شەکرە خراپە.**

ماری بە بیستنی ئەمە پێکەنی و سەری لەقاند، دواتر گوتی: پێم بڵێ، دایکت چۆنە؟

-وەکو هەمیشە، هەر خەریکی کارکردنە .

-کە ڕۆیشتیتەوە بۆماڵەوە، ئەوا سڵاوی منی پێ بگەیەنە .

-بێ خەمبە.

دوای ئەوەی کە جۆن قاوەکەی تەواو کرد، ئەوا لەسەر کورسییەکە هەستا، دەستی لە گیرفانی ڕاستی پانتۆڵە شینەکەی هاویشت و چەند سەنتێکی دەرهێنا. پارەکەی لەسەر مێزەکە دانا و خواحافیزی لە ماری کرد. پێش ئەوەی دەسکی ساردی دەرگایەکە بگرێت و بچێتە دەرەوە، ئەوا قۆپچەکانی چاکەتە ڕەشە تەسکەکەی توند کرد و باش خۆی داپۆشی. کە لەم کارە تەواو بوو، ئەوا دەستی ڕاستی بردە پێشەوە و دەرگایەکەی کردەوە. کە ڕۆیشتە دەرەوە و بینی هەوا بەو ڕاددەیە ساردە کە پێشبینی دەکرد، ئەوا هەنگاوەکانی گەڕانەوەی بەرەو ماڵ خێراکردن. دوای تێپەڕاندنی چوار شەقام بەسەر ڕێگا بەستووەکانی شارۆچکەدا، ئەوا لە کۆتاییدا بەو شەقامە گەیشت کە تێیدا دەژیا. لە کاتێکدا کە لە ماڵەکەیان نزیک دەبۆوە، ئەوا تێبینی کرد کە ئۆتۆمبێلێک بەرامبەر ئەو خانووە چۆڵەی نزیکیان وەستابوو. دوو کەس لە ئۆتۆمبێلەکە هاتنە دەرەوە و دواتر ڕۆیشتن لای سندووقی ئۆتۆمبێلەکە، دەستیان کرد بە هەڵگرتنی کەلووپەلەکانیان و بەرەو خانووە چۆڵەکە بەڕێکەوتن. بینی کە دایک و کچێکن، بەوە بۆی

دەرکەوت کە ئەوانە نیشتەجێی تازەن و ئەو خانووەیان بەکرێ گرتووە. کەلووپەلەکانیان زۆر بوون، بۆیە جۆن ڕۆیشت تاکو یارمەتییان بدات. ڕووخساری کچە گەنجەکەی نەبینی بەوەی کە بە دوو سندووقەوە شەقامەکەی تێدەپەڕاند تاکو بچێت بۆ لای خانووە چۆڵەکە، بەڵام دایکی ئەوی بینی. ئافرەتێک بوو کە دیار بوو تەمەنی لە سەروو چل ساڵەوە بوو، قژێکی ڕەشی تۆخ و دوو چاوی قاوەیی کاڵ. بە ڕووخسارییەوە دیار بوو کە لە سەردەمی گەنجییەتیدا جوان بووە، وە هێشتاش بڕێک لەو جوانییەی مابوو. کە بینی جۆن دەیەوێت یارمەتییان بدات، ئەوا سوپاسی کرد و چەند سندووقێکی پێدا، دواتر بەدوای کچەکەدا بەرەو خانووەکە بەڕێکەوت. لە کاتێکدا چەند هەنگاوێک لە کچەکە دوور بوو، ئەوا لە ناوەندی شەقامەکە لەپڕ ئۆتۆمبێلێک دەرکەوت، بە ڕادەیەک خێرا بوو کە کۆنترۆڵی لەدەستدا بوو. کچەکە تێبینی ئەوەی نەکرد و سەیری ئەو ئاڕاستەیەی نەکرد کە ئۆتۆمبێلەکەی لێوە دەهات، بەڵام جۆن تێبینی کرد. بۆیە سندووقەکانی فڕێدان و بە خێراییەک کە لە خێرایی هەورە برووسکە دەچوو ڕایکردە لای کچەکە و پاڵی پێوەنا، ئەم کارەی بوو بە هۆی ئەوەی ژیانی لە مەرگ ڕزگار بکات. دایکەکە کە ئەمەی بینی، ئەوا بە تۆقینێکی زۆرەوە بەرەو لای ئەوان ڕایکرد، بۆ ساتێک وایزانی ئازاریان پێگەیشتووە، بەڵام هەر کە بینی سەلامەتن، ئەوا ئاسوودە بوو. جۆن هەستایەوە سەر پێیەکانی و بۆ ساتێک کشایەوە دواوە، کچەکەش بە یارمەتی دایکی هەستایەوە. لە کاتێکدا کە جۆن بە هەناسە سوارییەوە لە

شوێنی خۆی وەستا بوو و ڕووی لە ئاڕاستەکەی تر بوو، ئەوا دایکی کچەکە ڕووی لێ کرد و گوتی: سوپاست دەکەم، ئەگەر تۆ نەبووبایت، ئەوا کچەکەم بە دڵنیاییەوە شتێکی خراپی بەسەر دەهات.

جۆن کە ئەمەی بیست، ئەوا دەستی کرد بە ئاوڕدانەوە، لە هەمان کاتیشدا گوتی: شایەنی نییە خاتوون، ئەوە شتێک بوو کە...

نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات بەوەی هەر کە ڕووخساری کچەکەی بینی، ئەوا دەمی گیرا. قژێکی قاوەیی خاو، لێوێکی سووری کاڵی نەرم، وە دوو چاو...

دوو چاو کە وایکرد بۆ ساتێک ئەو هەناسە سواری و ئازارەی لەبیر بکات کە چەند ساتێک پێش ئێستا تووشی بووبوو، دوو چاو کە وایکرد چیتر هەست بە پەستانی توندی سەرما نەکات و جەستەی گەرم دابێت، دوو چاوی وەها میهرەبان کە وایکرد هەست بە ئاسوودەییەکی سەیر بکات، ئاسوودەیەک هاوشێوەی ئەو هەستە بوو کە دوای بارانێکی بەلێزمە و سارد تیشکی گەرمی خۆر بەر ڕووخسارت بکەوێت، تیشکێک کە سەرما لە جەستەت دەردەکات و گەرمییەکت پێ دەبەخشێت کە هەرگیز ناتەوێت کۆتایی پێبێت.

دوای ئەوەی کە بۆ ساتێک بەم شێوەیە لەوی ڕووانی، ئەوا لە کۆتاییدا هزری بۆ گەڕایەوە و گوتی: شایەنی نییە، تەنیا ئەوەم لەسەر بوو کە پێویست بوو ئەنجامی بدەم.

دوای بیستنی ئەمە، ئەوا دایکی کچەکە گوتی: ببوورە، هێشتا خۆمان نەناساندووە. من (باربرا)، باربرا وێلسن، ئەمەش (سارا)ی کچمە. تازە ماڵمان گواستۆتەوە بۆ ئێرە، پێم بڵێ، ئایا تۆش لێرە نیشتەجێیت؟

-بەڵێ، من و دایکم لەو خانووەدا نیشتەجێین.

جۆن ئاماژەی بە خانوویەک کرد کە بە لای چەپی شەقامەکەوە بوو.

باربرا کە ئەوەی بیست، ئەوا بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە گوتی: کەوایە دەبین بە دراوسێی یەکتری.

دواتر ڕوویکردە سارا و گوتی: سارا، بۆچی تاکو ئێستا سوپاست نەکردووە؟ ئەو ژیانی تۆی ڕزگار کرد، دەی سوپاسی بکە.

سارا کە گوێی لەمە بوو، ئەوا سەری نزم کردەوە و بە دەنگێکی کز گوتی: سوپاس.

دوای ئەمە، ئەوا جۆن دووبارە دەستی کردەوە بە هەڵگرتنی سندووقەکان، بۆ نزیکەی نیو کاژێر لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو، بۆیە وا زۆری پێچوو چونکە ژمارەی سندووقەکان زۆر بوون و هەندێکیشیان قورس بوو. دوای ئەوەی کە لە یارمەتیدانیان تەواو بوو، ئەوا خوداحافیزی لە هەردووکیان کرد و ویستی بچێتە دەرەوە، بەڵام باربرا لە شوێنی خۆی وەستاند و گوتی: ئەم دوو ڕۆژە خەریکی ڕێکخستنی ئێرە دەبین، کە تەواو بووین، ئەوا حەز دەکەم بۆ ئێوارەکە

بێیته لامان. دەمەوێت بەم شێوەیە سوپاست بکەم بەوەی کە ئەمڕۆ بووینە مایەی ئەزیەت بۆت .

-پێویست بەمە ناکات خاتوو وێلسن، بەڕاستی ...

" -نەخێر" قبووڵ ناکەم، بۆیە بۆ ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممە چاوەڕێتین.

جۆن وا خۆی دەرخست کە ناچارە داوایەکەی جێبەجێ بکات، بەڵام لە قوڵایی دڵییەوە ئەوەی دەویست، چونکە دەیویست ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، ئەوا دووبارە دەیویست چاوە میهرەبانەکانی سارا ببینێت.

بۆ ئێوارەی چوار شەممە، ئەوا جۆن ڕۆیشت بۆ ماڵی ئەوان. باربرا ژەمێکی ناوازەی ئامادە کردبوو، ژەمێک کە جۆن زۆری بەدڵ بوو. لە کاتێکدا کە هەرسێکیان نانیان دەخوارد، ئەوا کەوتنە گفتوگۆکردن، زیاتر باربرا دەدوا و ئەوانی تریش گوێیان دەگرت. هەرچەندە جۆن وا خۆی دەردەخست کە بە وریاییەوە گوێ دەگرێت، بەڵام سەرنجی ڕاستەقینەی لەسەر سارا بوو، لێرە و لەوێ بە چەند نیگایەکی کورتخایەن سەیری ئەوی دەکرد. سارا لەو کاتەدا سەری دانواندبوو، ئەمەش وایکرد کە جۆن نەتوانێت چاوەکانی ببینێت، بۆیە بەمە زۆر ناڕەحەت بوو. بەم شێوەیە هەرسێکیان بەردەوام بوون تاکو لە کۆتاییدا لە ژەمەکەیان تەواو بوون، دوای ئەوەی کە لەسەر مێزەکە هەستان، ئەوا باربرا دەستی کرد بە لابردنی قاپ و پەرداخەکان، دواتر

بردنی بۆ لای سینەکەکە تاکو بیانشوات. لە کاتێکدا کە ئەمەی ئەنجام دەدا، ئەوا گوتی: سارا، تاکو ئەمانە دەشۆم، ئەوا بۆچی ناچیت ژوورەکەت نیشانی جۆن بدەیت؟

جۆن تێبینی کرد کە سارا ڕووخساری سوورهەڵگەڕا، بۆ ساتێک لە شوێنی خۆی وەستا و دواتر بە دەنگێکی نزم گوتی: باشە.

دواتر لە کاتێکدا کە هێشتا سەری دانواندبوو، ئەوا ڕووی لە جۆن کرد و بە شەرمەوە بەرەو ژوورەکەی ڕێنوێنی کرد. کاتێک ڕۆیشتنە ژوورەکەی، ئەوا جۆن تێبینی کرد کە ژوورێکی ئێجگار سادەیە، جێگایەکی خەوتنی یەک کەسی، چەند پەرتووکێک لە سەروو مێزێکی نزیکەوە، کورسییەکی دارینی ڕەنگ سەوزی کاڵ کە لە لای جێگای خەوتنەکە بوو. دوای ئەوەی کە جۆن لە سەیرکردنی ژوورەکە تەواو بوو، ئەوا سەرنجی خستە سەر سارا، ویستی سەیری چاوەکانی بکات، بەڵام نەیتوانی بەوەی کە سەری خۆی دانواندبوو. دوای چەند ساتێک لە بێدەنگییەکی ناڕەحەت، ئەوا لەپڕ سارا بە قسەوە هات و گوتی: تکایە چیتر بیر لەوە مەکەوە، ئەوە سەرناگرێت .

-مەبەستت چ...

نەیهێشت پرسیارەکەی تەواو بکات کە سارا سەری بەرز کردەوە و لەوی ڕووانی، کە چاوەکانی ئەوی بینی، ئەوا وەکو پەیکەرێک لە شوێنی خۆی وەستا. نەیتوانی بجووڵێت، نەیتوانی هەناسە بدات، بە تەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەری چاوەکانی ئەوەوە .

-تێبینیم کردووە کە چۆن سەیرم دەکەیت، بۆیە تکایە چیتر بەم شێوەیە سەیرم مەکە، وە هەر هەستێک کە هەتە، ئەوا تکایە لە دڵی خۆتدا مەیهێڵە.

دوای ئەم قسەیە، ئەو دووبارە سەردی دانواندەوە و بێدەنگ بوو.

دوای ئەوەی کە جۆن ئەمانەی بیست، ئەوا گوتی: ناتوانم ئەو هەستە لە خۆمدا نەهێڵم، یاخود باشترە بڵێم نامەوێت. چونکە دوای ئەوەی کە جوانی چاوەکانی تۆم بینی، ئەو چاوانەی کە وەکو دەروازەیەک وان بۆ گەردوون، ئەوا بڕیارم دا کە بە هەر شێوەیەک بێت دڵی تۆ بەدەست بهێنم، بۆیە داوای شتێکی وەهام لێ مەکە !

-بەڵام ئێمە یەکتری نانا...

جۆن قسەکەی پێ بڕی و گوتی: دوو ڕوح کە بە یەکتری گەیشتن، ئەوا گرنگی "بوون" هیچ نرخێکی نامێنێت .

- دڵنیات دەکەمەوە کە لەم قسەیەت پەشیمان دەبیتەوە ئەگەر ڕاستی من بزانیت.

-تاکە ڕاستییەک پێویستم پێی بێت بریتییە لە ڕاستی جوانی چاوەکانی تۆ.

سارا کە ئەمەی بیست، ئەوا دەستی بۆ لای سەری بەرز کردەوە، هەردوو دەستەکانی بردە دواوەی ملی و قژە دەستکردەکەی لابرد (جۆن نەیدەزانی کە ئەوە قژی دەستکردە)

دواتر ئەو پارچە پەڕۆیەی کە لەسەر سەری دانابوو لابرد و سەری تاشراوی خۆی نیشاندا.

جۆن کە ئەمەی بینی، ئەوا بۆ ساتێک تاسا، ویستی شتێک بڵێت، بەڵام وشەکان لە زمانیدا گیر بووبوون .

-وەکو گوتم، ئەوە سەرناگرێت چونکە تووشی شێرپەنجەی پەنکریاس بوومە، بە هۆی ئەمەوە سەریان تاشیوم تاکو چارەسەری کیمیایی وەربگرم. هەرچەندە دایکم و پزیشکەکان دەڵێن کە هیوایەک بۆ چارەسەرکردنم هەیە، بەڵام دەزانم کە ئەوە درووست نییە، ئەوە دەڵێن تەنیا بۆ ئەوەی دڵنەواییم بدەنەوە. زۆرم نەماوە لە ژیاندا بمێنمەوە، ئەوە ڕاستییەکەیە.

بۆیە تکایە، تکایە هەرچی هەستی پێ دەکەیت، ئەوا لە دڵی خۆتدا مەیهێڵە، ئەمە لە بەرژەوەندی هەردووکماندایە.

دوای ئەوەی کە جۆن قسەکانی ئەوی لە مێشکیدا شیکردەوە، ئەوا بە بێدەنگی (سارا)ی جێهێشت و ڕۆیشتە دەرەوە، سارا چاوەڕێی کاردانەوەیەکی لەم شێوەیەی دەکرد، بۆیە لە دڵی نەگرت. دوای ئەمە، ئەوا قژە دەستکردەکەی بەستەوە و ڕۆیشت بۆ خوارەوە، کە باربرا ئەوی بینی، ئەوا ویستی بپرسێت کە هۆکاری چوونە دەرەوەی جۆن بەو شێوەیە چی بوو، بەڵام سارا بە شێوەیەکی بێ باک و سارد تەنیا گوتی: هۆکاری ڕۆیشتنی گرنگ نییە، لێیگەڕێ.

دوای دە خوولەک، ئەوا گوێیان لە دەنگی لێدانی دەرگا بوو، باربرا ڕۆیشت تاکو بزانێت ئەوە کێیە، کە دەرگایەکەی کردەوە و بینی (جۆن)ە، ئەوا بەخێرهاتنی کردەوە و کردییە ژوورەوە. جۆن ڕۆیشت بۆ لای سارا و لە بەردەمی وەستا، دواتر کە باربرا هات، ئەوا جۆن گوتی: خاتوو وێلسن، بە مۆڵەتی تۆ، ئەوا دەمەوێت لەگەڵ سارا گەشتێک بەناو شارۆچکەدا بکەین، دەمەوێت ئێرەی پێ بناسێنم.

سارا ئەمەی بەلاوە زۆر سەیر بوو، چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە دوای ئەوەی ئەو شتانەی بیست جارێکی تر ڕووخساری خۆی دەرخاتەوە، نەوەکو ئەمە... بەڵکو داوای شتێکیش وەهاش بکات!

باربرا بەم پێشنیارە زۆر دڵخۆش بوو، بۆیە مۆڵەتی پێدان. دواتر جۆن ڕووی لە باربرا کرد و گوتی: بۆ کاژێر دە دەگەڕێینەوە، بۆیە بێ خەمبە.

دوای ئەمە، ئەوا دەستی (سارا)ی گرت و بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکەی برد، ئەو ئۆتۆمبێلەکەی کە دایکی سویچەکەی پێدابوو تاکو بۆ ئەو شەوە بەکاری بهێنێت.

دوای ئەوەی کە سەرکەوتن و مەودایەک دوورکەوتنەوە، ئەوا سارا گوتی: نازانم کە بۆچی ئەم کارە دەکەیت، ناشزانم کە بۆچی دوای ئەوەی ئەو شتانەم پێ گووتیت گەڕایتەوە، بۆیە با بگەڕێینەوە، ئارەزوو و ویستی هیچ شتێکم نییە .

-تەنیا بە هۆی ئەوەی کە لە لێواری مەرگ دایت، ئەوا مانای ئەوە نییە کە چێژ لە ژیان نەبینیت.

دوای ئەمە هەردووکیان بێدەنگ بوون و بەردەوام بوو لە گەشتکردن بەناو شەقامە تاریک و بەفراوییەکانی شارۆچکەدا. دوای نزیکەی نیو کاژێر، ئەوا لە شارۆچکە ڕۆیشتنە دەرەوە و لە گردێک نزیک بوونەوە، جۆن ئۆتۆمبێلەکەی لە خوارووی گردەکە ڕاگرت و هاتە دەرەوە، سارا ئەم کارەی بەلاوە سەیر بوو، بۆیە پرسی: لێرە چی دەکەین؟ بۆچی ڕۆیشتیتە دەرەوە؟

-کە گەیشتینە سەرووی ئەم گردە، ئەوا هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە .

-حەز ناکەم بێمە دەرەوە، بە تایبەتی لەم کەشە سارد و شوێنە تاریکەدا، با بگەڕێینەوە .

-ئەگەر دەتەوێت بگەڕێیتەوە، ئەوا بگەڕێوە، بەڵام من دەڕۆم بۆ سەرووی ئەم گردە.

سارا دەیزانی کە لەگەڵی ناگەڕێتەوە، بۆیە بە ناچاری لە ئۆتۆمبێلەکە هاتە دەرەوە. جۆن کە ئەوەی بینی، ئەوا زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی، دواتر دەستی گرت و یارمەتیدا تاکو بەسەر گردەکەدا سەرکەوێت.

سەرکەوتن بەسەر گردەکەدا ئاسان بوو، تەنیا ئەوە بوو کە بە هۆی بەفر و قوڕی زۆرەوە کاتی زیاتریان پێچوو تاکو بە شوێنی مەبەست گەیشتن.

کە گەیشتنە سەرووی گردەکە، ئەوا هەردووکیان لە شوێنی خۆیان وەستان، دوای ماوەیەک لە بێدەنگی، ئەوا سارا بێزار بوو و گوتی: بۆچی هاتووین بۆ ئێرە؟

جۆن وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو سەیری کاتژمێرە دەستییەکەی کرد. دوای ئەمە زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی: سەیری ئاسمان بکە و ڕوو وەرمەگێڕە .

-بۆچی...؟

-تەنیا ئەوە بکە کە پێم گوتیت، دڵنیابە کە پەشیمان نابیتەوە.

سارا ئەوەی ئەنجامدا کە داوای کرد، دواتریش جۆن لە کاتێکدا کە سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد، ئەوا گوتی: پاش پێنج، چوار، سێ، دوو، یەک...

لەگەڵ گوتنی کۆتا ژمارە، ئەوا ئاسمان بە هۆی یاری ئاگرینەوە درەوشایەوە، خەڵکی شارۆچکەکە هەمیشە چەند کاژێرێک پێش نیوەشەو خوویان وابوو یاری ئاگرینی بتەقێنن، بۆیە جۆن ئەوی بردە بۆ ئەوێ تاکو ئەوە ببینێت. سارا کە ئەوەی بینی، ئەوا نەیتوانی

چاوەکانی لەسەر جوانی ئەو دیمەنە لابەرێت، دوای ئەمە جۆن لێی نزیک بۆوە و لە تەنیشتی وەستا.

سارا بێ ئەوەی هەست بە بوونی خۆی بکات، ئەوا قۆڵی خستە ناو قۆڵی (جۆن)ەوە دواتریش سەری خشتە سەر شانی چەپییەوە، جۆن خۆی نەجووڵاند و لە شوێنی خۆی وەستا، بەم شێوەیە هەردووکیان لە شوێنی خۆیان مانەوە تاکو یاریە ئاگرینەکان کۆتاییان پێهات.

لە دوای ئەو شەووەوە ڕوحیان بوو بە یەک و کەوتنە داوی خۆشەویستی یەکەوە، لەو ماوەیەی کە پێکەوە بوون، ئەوا بۆ ساتێکیش خەم و پەژارە دڵی ئەوانیان داگیر نەکرد. جۆن ئەو تەنیاییەی کۆتایی پێهات کە هەستی پێدەکرد، (سارا)ش بوونی مەرگی لەبیر کرد و دووبارە دەستی کردەوە بە چێژ بینین لە ژیان. بەڵام وەکو گوتم، تەنیا "لەو ماوەیەی کە پێکەوە بوون"، چونکە ئاشکرایە هیچ شتێک هەتاهەتایی نییە، بە تایبەتی خۆشەویستی.

دوای مانگێک بەسەر ئەو شەوەدا، ئەوا سارا نەخۆشییەکەی لێ تووند بوو، بە ڕاددەیەک کە وای لێکرد بکەوێتە سەر جێگا. هیچ شتێک نەدەکرا بۆ ئەوەی بتوانرێت ژیانی ڕزگار بکرێت بەوەی کە شێرپەنجەکە لە کۆتا قۆناغەکانیدا بوو، ئەمەش دڵی هەمووانی شکاند، بە تایبەتی دایکی. بە ئەندازەیەک هەستی بە بێ دەسەڵاتی دەکرد، بە ئەندازەیەک دڵی شکابوو کە وای لێهات دەست بکات بە خواردنەوەی کحول. لە ماوەی سەرجێی کچەکەیدا، ئەوا تەواوی شەو و

ڕۆژەکانی لە خواردنەوەدا بەسەر دەبرد تەنیا بۆ ئەوەی بێ دەسەڵاتی خۆی و ئازارەکەی لەبیر بکات، ئەمەش وای لێکرد بە ڕاددەیەک سەرخۆش بێت کە تەنانەت ئاگای لە خۆیشی نەمێنێت. بۆیە لەو ماوەیەدا، ئەوا جۆن هاتە لایان و وریای سارا بوو، هەرچی ویستبای بۆی جێبەجێ دەکرد و یارمەتی دەدا. لە نموونە یەکێک لە داوایەکانی سارا ئەوە بوو کە شەوانە جۆن چیرۆکەکانی (شێرلۆک هۆڵمز)ی بۆ بخوێنێتەوە، بۆیە هەموو شەوێک ئەوەی بۆ ئەنجام دەدا. لەو ماوەیەدا هیچیان دڵۆپەیەک فرمێسکیان نەڕشت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بیریان تەنیا لەسەر ئەوە بوو کە ئەوەندە کاتەی ماوە بە خۆشی بەڕێوەی ببەن، هەر ئەمەشیان ئەنجامدا، تاکو کۆتایی.

بەم شێوەیە بارۆدۆخەکەیان تێپەڕاند، تاکو ئەو شەوەی کە سارا کاتی هاتبوو ئەم دونیایە جێبێڵێت. چەند کاژێرێک پێش مەرگی، ئەوا داوای بینینی دایکی کرد، باربرا نەیدەتوانی هیچ شتێک بڵێت، بۆیە تەنیا سارا بە دەم قسەکردنەوە بوو. پێی گوت کە چەندەی خۆش دەوێت و لای ئازیزە، پێشی گوت کە لە دوای ئەو دەبێت هەوڵ بدات ژیانێکی تر پێکبێنێت، ژیانێک بێ بوونی ئەو. دایکی کە گوێبیستی ئەمانە بوو، ئەوا بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باوەشی لە کچەکەی دا و نێوچاوانی ماچ کرد، بۆ ماوەی دوو خوولەک هەر بەم شێوەیە مایەوە تاکو لە کۆتاییدا دایکی بە گریان و دڵشکاوییەکی زۆرەوە لە ژوورەکەی ڕۆیشتە دەرەوە. دوای ئەمە، ئەوا سارا داوای بینینی (جۆن)ی کرد، بۆیە جۆن ڕۆیشتە لای و لە تەنیشتی لەسەر جێگایەکە دانیشت.

**بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون، هیچیان نەگوت، پێویستیش نەبوو هیچ بڵێن بەوەی کە بە نیگایەکانیان لەگەڵ یەکتری دەدوان. چەند ساتێک پێش ئەوەی سارا کۆچی دوایی بکات، ئەوا دەستی بۆ لای سەری جۆن بەرز کردەوە و بەرەو لای خۆی ڕایکێشا، دواتر لێوەکانی لە لێوە بێ هێزەکانی خۆی نزیک کردەوە و ماچی کرد. دوای ئەمە، ئەوا بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە کشایەوە دواوە و (سارا)ش گوتی: سوپاس، سوپاس بۆ هەموو شتێک.**

**لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا سارا زەردەخەنەیەکی بچووک کەوتە سەر لێوەکانی و بۆ هەتاهەتایە چاوە میهرەبانەکانی داخستن.**

**لەو ماوەیەی کە تێیدا سارا و دایکی نیشتەجێی ئەوێ بووبوون، ئەوا لە لایان هەمووانەوە ناسران، لە لایان هەمووان خۆشەویست بوون، بۆیە بۆ مەراسیمی ناشتن و ماتەمینییە خەڵکانێکی زۆر ئامادەبوون.**

**دوای ئەوەی کە قەشەکە لە ژێر نمە باراندا نزای بۆ ڕوحی ئەوی خوێند و تەواو بوو، ئەوا دەستیان کرد بە ناشتنی لاشەکەی، دوای ئەمە هەر یەکێک لە ئامادەبووان گووڵێکیان خستە سەر گۆڕی، یەک بە یەک ئەم کارەیان کرد تاکو لە کۆتاییدا بە جۆن گەیشت. جۆن لە کاتێکدا کە گوڵە سپییەکەی بەدەستەوە بوو، ئەوا لە نزیک گۆڕەکە وەستا، دواتر لەپڕ کەوتە سەر ئەژنۆیەکانی و گوڵەکەی لەدەست کەوت، سەری بەرز کردەوە و ڕوویکردە ئاسمان، دوای ئەمە هاوارێکی**

**کرد کە هەمووان گوێبیستی بوون، هاوارێکی پڕ لە ئازار، هاوارێکی پڕ لە نەهامەتی.**

# کۆتایی